www.kurdistannet.org 25-09-2002

# شەهید گوڵە

جەلال مەلەكشا

من هەرگیز شێعر بۆ پادشا و بۆ سوڵتان و
بۆ سەرۆك و رابەر ناڵێم
من هەرگیز شێعر لە بەرۆكی پیاوكوژ نادەم
شێعر ناكەم بە گۆچانی گەدایی و
سەر بە دەرگای هیچ گەورە ماڵێكا ناكەم
بەڵام بۆ گوڵ ،
بۆ پەپوولە و بۆ ئەستێرە
تا بتوانم ئەچریكێنم
شەهید گوڵە
شەهید ئەستێرەی ئاسمانی نیشتمانە
شەهید پەپوولەی رەنگینی باڵی
باغی گەلە و ...
رۆحی هەڵۆی بەرزە فڕی ..
شاخەكانی كوردستانە .

***

ئەی پەپوولەی ئەوینداری –
– شیلەی گوڵزاری سەربەستی
ئەی ئەستێرەی ئاسمانی تەمتۆمانی وڵاتەكەم
ئەی نەو گوڵی باغی ئاوات
ناوت ئەكەم بە ملوانكە
بۆ گەردنی كام شاخ بەرزە
ناوت ئەكەم بە تووی ئومید ..
بۆ نێو دڵی چەوساوەكان
ئەی پەڵەنگی كۆڵنەدەری " سەقز لوو " –

www.kurdistannet.org 25-09-2002

ئەی شەهید سەعید .

تۆ نەمردوی ...

ها .. زایەڵەی تفەنگەکەت

هەر شاخ بە شاخ دەچیت و هەر نابریتەوە .

وشە وشەی ناوە پیرۆزەکەت دەڵێی

کەوە مووروی ملوانکەیەکی زیرینە و

لە گەردنی چیای شاهۆ ، پیرەمەگرون ، قەندیل و ئاگری ئالاوە

خوێنت چۆمێکی بەخوڕە ...

لە دەماری یەك بە یەکی پیشمەرگەکانا دەجمێت ..

کوڕی رەشی کوردستانی گەورە و مەزن

تۆ تووی شۆرشت بۆ گەیشتن بە ئاواتی مێژینەی کوردان چاندووە

ئەو تفەنگە بەزیوانەی

لە هەوراز بۆ نشێو دەچن

ئەو لووتکانەی

سەریان بەرە و بنارەکان شۆڕ کردووە

قەت نازانن

ئەم دایکە نەزۆك نییە

ئەم ئاسمانە بەبێ هەڵۆ قەت هەل ناکا

بووی بەتانەو کەوتیتە سەر گلێنەی چاویان

بووی بە دڕك و رۆچویتە ناو دڵ و دەروون و هەناویان

توند باوەشت کرد بەم دایکە خەمبارەدا و ..

وەك مەولانا عەنبەر خاتوونی دڵبەرت جێنەهێشتو

وەك دیوانە

لە ناو گڕی عەشقی شەمدا توایتەوە

* * *

دارەبەنی عەشقێکی پاك نەبێ چلۆن

سیامەندێ ئەچێ بە گڕ کوێستانێکا ؟

ئەی خەزاڵێ نەبێ چلۆن کاکە لاسێ

بۆ هێنانی گوڵی مەبەست

هەڵدەزنی بە هەڵاڵانێ سەر کەشا

www.kurdistannet.org 25-09-2002

تۆ له خاكی دڵی شه‌یدای ئه‌ویندارانی كوردستان

تۆ له‌تۆرمه‌ی كه‌ڵه پیاوانی ئوستوره و

تۆ له خۆناوی سپێده و

تۆ له زنجیره‌ی قه‌قنه‌س و

تۆ له سرته‌ی باڵی په‌پووله خۆڵقابووی .

چۆن دڵیان هات ،

چرای دڵی تۆ خامۆش كه‌ن

چۆن دڵیان هات

رۆحی په‌پووله بكووژن و

خوناو له گوڵ بسرنه‌وه .

چۆن دڵیان هات

مه‌ولانا له عه‌نبه‌ر خاتوون دوور خه‌نه‌وه .

ئه‌یان زانی ، په‌ری خانی كوردستاpنیبه‌تۆ نه‌بێ ، له قه‌ڵاچه‌ی دێوی داگیركه‌ری به‌د خوو رزگار نابێ.